الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

فيدراسيۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES - IFIR

---

# بە ئامادەبوونی ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا خۆپیشاندانی لەندەن دژ بەناردنەوەی پەنابەران بەرپاکرا




وێنەی نۆینەری وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا و بە بەرپرسی فیدراسیۆن وئەندام پەرلەمانی ئەوروپا

لەدریژەی کەمپینی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە وولاتەکانی سوید،فنلاند،سویسرا و بەریتانیا ،کەندا.. رۆژی 22–6 لەپێناو داکۆکی لەمافەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی ودژ بەسیاسەتی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران ، لە لەندەن لە بەردەم وەزارەتی ناوخۆ خۆپیشاندانێك بە ئامادەبوونی نۆینەرانی رێکخراوە ئینسانی و پەنابەری و یەکیتی کریکاری و ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا بەرێوەچووە.

سەرەتای خۆپیشاندانەکە ئاسۆ گوران لەسکرتاریتی فیدراسیۆن وێرای بەخێرهاتنی ئامادەبوان بەرنامەکانی خۆپیشاندانەکەی راگەیاند وباسی لەکەمپینی فیدراسیۆن کرد لە چەند وولاتی ئەوروپی لەپێناو بەگری لەمافەکانی پەنابەران ،پاشان دەشتی جەمال بەرپرسی فیدراسیۆن بەناوی فیدراسیۆن و بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق بە زمانی ئینگلیزی و کوردی ووتارێکی پێشکەشکرد کە ئاماژەی بەباری نائەمنی عیراق و کوردستان کرد و لەبارەی رووداوەکانەی ئێستای عیراقەوە چەندین بەڵگەی راستی سەبارەت بەتیرۆر و تەقاندنەوەو جەنگ و کوشتارو وزیندانی نهینی یەکان تا سەرکوتی ئازادی سیاسی لەکوردستان ورفاندنی نوسەران و ژن کوشتن و تەقەکردن لەخۆپشاندەران، خستەروو وە لەسەر سیاسەتی ئێستای وولاتە ئەوروپی یەکان بەرامبەر بە پەنابەرانی کوردی عیراق دووا کە چۆن مەحکەم لەپشت نەخشەی ویرانکاری ئەمریکا لەجەنگی عیراق راوەستاون وە شانی خاڵی دەکەن لە ئەنجامەکانی ئەم کارەساتە تا وولاتەکانیان پر نەبێت لە پەنابەرانی عیراقی... لەئاخریش دا باسی لە خواستەکانی ئەم خۆپیشاندانەو کەمپینی فیدراسیۆن کرد و داوای لەسەرجەم خەڵکی ئازادیخواز و ریکخراوەکان کرد کە بۆ پشتیوانی لەخواستی پەنابەرانی کوردی عیراق و راگرتنی سیاسەتی دیپۆرتکردنەوە کە لەسەرتاسەری وولاتە ئەوروپی یەکان فیدراسیۆن بەرێخستوە راوەستن..

پاشان هەر یەك لە بەشداربوان بەریزان (Jean Lambert ) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا و لەحزبی سەوز، (Arun Kundnani) لە پەیمانگای دژی نەژادی یەکان،(Dave Landau) لەرێکخراوی بیٚ سنور وگروپی سوسیالیستی یەهودی،(David Jones) یەکیتی کریکاری PCS ،(Doug Houlton) لەرێکخراوی دژی دیپۆرتی منداڵاٚن ،(هۆزان محمود)نۆینەری رێکخراوی ئازادی ژن لە دەرەوە، (Kthrena) لە رێکخراوی شۆرشی کۆمۆنیستی ،(سەعید ئارمان) لە سازمانی سەرتاسەری پەنابەرانی ئێرانی(بیٚ مەرس)...لەگۆشەی جیا جیاوە لەسەر بارودۆخی ئێستای عیراق و جەنگ و ئاوارەی قسەو باسیان پێشکەشکرد و پشتیوانی بیٚ دریغی خۆیان لەکەمپینی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی و بەرەی دژی دیپۆرت دووپاتکردەوە.
خۆپشاندەران بەدرۆشمی "نا بۆ گیرانەوەی پەنابەران"، "دیپۆرتی پەنابەران راگرن،عیراق وکوردستان نائەمنە"، "دەست لەسەر پەنابەرانی کورد هەڵگرن"، "مافی پەنابەری مافی ئینسانە".. بە ووتنەوەی ئەو دروشمانە سەرنجی ریبوارانی راکێشا.

هاوکات وەفدێکی خۆپیشاندەران کە پێك هاتبوو لە(دەشتی جەمال)بەرپرسی فیدراسیۆن،(جین لامبیرت)ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا،(ئارن کەندنانی)لە پەیمانگای دژی نەژادی چاویان کەوت بەنۆێنەری وەزارەتی ناوخۆ نامەیەك کەخواستەکانی پەنابەرانی تیا هاتبووە بۆ وەزیری هیجرە داواکرا بگەینرێتە وەزیر.

شایانیباسە ژمارەیەك لە کەنالەکانی راگەیاندن لە کەنالی الشرقیە و کەنالی سەتەلایتی (سنا) وفلیم سازی ئەمریکی خەریکی وینەگرتن بوون لەم خۆپیشاندانەو لە گەڵ بەرپرسی فیدراسیۆن و ژمارەیەك لە پەنابەران چاوپێکەوتنیان ئەنجام دا.

ئەم بزوتنەوە نارەزایەتییە و خەبات و چالاکیەکان لەدریژەی کەمپینی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەزۆربەی وولاتە ئەوروپیەکان بەردەوام دەبێت تابەرگرتن بەسیاسەتی دیپۆرتکردنەوە و بەدی هینانی خۆاستە ئینسانی کانی پەنابەران و بەرەسمێت ناسینی مافی پەنابەری و مافی نیشتەجیٚ بوون بە پەنابەرانی کوردی عیراقی دریژەی دەبیٚ..

هەربۆیە راوەستان لەپاڵ فیدراسیۆن دەتوانیٚ خەباتی پەنابەران و بزووتنەوەی پەنابەران تا بەدیهێنانی سەرجەم خواستەکانیان بەرو پێشبەرێت ،لەگەڵ ئێمە بن، تەنها رێگای بەرگرتنە بە سیاسەتی دیپۆرتی دەوڵەت وراگرتنی ئەم زەخت زۆرە بۆ سەر پەنابەران.

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007-6-25

---

POBOX1575,ILFORD IG1 3BZ ,LONDON,UK Tel:0044 7856032991 ,
00447895636633
ifir2007@yahoo.com
www.csdiraq.com